# ئیدریس عەلی

## چراخان بۆ من ئەوساتەیە کە دایکم لەبەردەم کتێبدا هەڵیکرد

**شاعیرو رۆژنامەنووس یەکێکە لەو شاعیرە لاوانەی خاوەنی دەقی شیعری جوانەو رۆژنامەنووسێکی چالاکیشە خاوەنی سێ کتێبی شیعرییە بەناوەکانی( یاسای باخچەکەی ئێمە، سازش لەگەڵ بادا، مردن لەژیان دەبوورم) وە لەزۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکانیش شیعری بڵاوکردۆتەوە لەدیدارێکی هەفتەنامەی رۆژی گەل بەم پرسیارانە هێنامانە گفتوگۆ.**

**پرسیار:** یەکەم دەست گرتنە پێنووست هەستێکی مرۆڤانە بوو بۆدەربڕینی هەناسەکانی ناخ یاخود خاڵی کردنەوەی خەمەکانی رابردووت؟

**وەڵام/** ئەشێ هەردوکیان بن، چونکە هەستو خەم هەردووکیان منالّی شیعرن، ئەو دەقانەی پڕن لەخەمو هەستە قولەکان دەقە نەمرەکان، یەکەم دەسگرتنم خەمی (دایك) بوو، کە لەپاش مەرگی وەك سێبەرێك لەگەڵ خۆم ئەو خەمە گۆڕاو گۆڕ لەگەڵ خۆم دەگێڕم.

**پرسیار:** وێنە شیعریەکانی تۆ پڕن لەخەیاڵ، خەیاڵێك دەبێت ئاوڕێك لەڕابردوو بدرێتەوە بۆ هەمیشە هەستت لای ڕابردووە؟

**وەڵام:** ئەو ڕابردووە منالّیە عەجولە بە جێماوەکەمە ئەو منالّیەش تا هەنووکە لەکۆلانەکاندا تەپوتۆز دەکاتو جارناجارێك کە تورە دەبێت، دلێك یاخوود شووشەی پەنجەرەیەك دەشکێنیٚ.

**پرسیار:** بۆ ژیانت لەنێوان دووبواری نووسیندا خستۆتە کاروانی تەمەنتەوە مەبەستم نووسینی شیعرو کارە ماندووەکانی رۆژنامە دوو دونیای جیاوازن؟

**وەڵام:** دوو بواری تەواو لێك جودان، پێیەکانی کاری رۆژنامەوانی لەنێو قولایی واقیع، روداوە بەرجەستەکاندایە، بەلام شیعر لەکێلگە بە پیتەکانی خەیاڵدا دروێنەی ژیان دەکات، بە بڕوای من کارکردن لەنێو دوو پرۆسەی نووسینی جیاوازدا هاوکاری یەکدی دەبن، بەو پێیەی لەهەردوو بوارەکەدا فەزای ڕوانین کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکە هەیەو دەبێت.

**پرسیار:** چرا چی ئەگەیەنیٚ لای تۆ؟

**وەڵام:** ڕەنگە چرا بۆمن ئەوساتە بێت کە دایکم لەبەردەم کتێبدا هەڵیکرد، ئەوە هێزی ئەوەی دامیٚ حەز بە خوێندنەوە بکەم، لەبەرامبەر دلڕەقی باوکمدا کە فوی لەچراکە دەکرد بۆ ئەوەی نەخوێنمەوەو کوڕێکی یاخی نەبم، شەوانی پایز دایکم بە دزیەوە چراکەی هەڵدەکردو بە زمانێکی میهرەبان پێی دەگوتم: باوکت نووستووە..
هەستە ئیدریس رۆمانی دایك تەواوکە، لەوکاتەوە بڕیارمداوە لەبەردەم چرادا نەبیٚ کتێب نەخوێنمەوە تەنانەت (شاری مۆسیقارە سپیەکان) یشم لەبەردەم چرایەکی حەزیندا تەواو کرد.

**چ/ ڕێبواری ئازادی**



---

# تایرۆنی



جەبار سابیر

## بچوکبونەوەی ئینسان

یەکیك لەو دەرکەوتە گرنگانەی ئینسانی پیٚ لەبونەوەرەکانی تر جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە ئەوەیە کەئینسان سەرباری ئەو عەقلەی کەهەشییەتی هەمیشە بەشوێن دۆزینەوەو داهێنانی نوێوەیە لەتەواوی بوارەکانی ژیاندا ئەمە لەحالێکدا ئەو ئینسانە لەولاتێکدا بژی کەلانیکەم پێداویستییە سەرەتاییەکانی بۆ دابین کرابێت، واتا ئینسان تەنیا لەژیاندا ئەوەی ناویٚ بژیو بخواو دواتر بمرێت، وەك چۆن بونەوەرەکانی تر وایان دەوێت، بەلکو ئەم دەیەویٚ بەهێندەی ئەو ژیانو خواردنەی کارێك بکات بمێنێتەوەو نەمری بۆ مسۆگەر بکاتو دواتر سودێکی ژیانیشی بۆ کۆمەلگە هەبێت. ئەمە رەنگە لەدنیای پیشکەوتوی خۆرئاوادا بەو جۆرە بێت.
بەلام لای ئێمە ئینسان ئەوەندە بچوککراوەتەوەو لەجوغزێکی تەسکدا هێلراوەتەوە بواری هیچی نەماوە، بۆیە لێرە نەداهێنان هەیە، نە دۆزینەوەی زانستی نویٚ، ئینسانی ئێمە ئەوەندەی بەعەزرەتەوەیە بۆ بوونی چەند سەعاتێکی کارەبای بەردەوام لەشەودا، ئەوەندە عەرزەتی بۆ دۆزینەوەی تەزوی کارەبا نییە لەرێگەی سەرچاوەیەکی تری جیاواز لەدەریاچەکانی ئاو.

ئینسانی ئێمە لەبانێو دوشو تەواوی جۆرەکانی تری خۆشتن بێبەشەو دەبێت یان پرێمزێك بەرێتە ئەو حەمامە ساردەوە، یاخود غازی شەمسەدینو عەلادینو براکانی تر قبولکات، ئەوە بچوکبوونەوەی ئینسانە وادەکات بۆ خۆشتنێك سوێی بێتەوەو نەئاوی دەست کەوێت نەحەمامێکی گەرموگوڕ، گەر بچوکبونەوە نەبێت بۆچی ئینسان تەنیا هەفتەی جارێك فرسەتی خۆشتنێکی بۆ هەلکەوێت؟ ئینسانێك خۆشتنێکی بۆ دەستبەر نەکرێت چۆن چاوەڕێی داهێنانی لێدەکرێت. دەبێت لەشەوەوە دوعاو نزا بکەیت بەلکم ئەمە خوایە بیکەی سبەی زوو کارەبا هەبێتو موزەخە بدەیت لەبەلوعەی ئاوەکەی حەشەو تانکی سەربانت بۆ فوولکات. کەشەوێك تادرەنگ کارەبا بەردەوامەو نابڕێت بەیانی لەمەکتەبو زانکۆ پەیمانگاو لەفەرمانگەکانیشدا بۆیەکتری باسدەکەینو پێمان وایە ژیانمان لەئێستاوە دەست پێدەکات ئەوەندەمان پێخۆشە هەر لەباسکردنی نابینەوە.

کەرۆژێك ئاوی بەلوعە فوارە دەکات ئیتر دەبینە قۆغلی مەرزەو تائێوارە خەریکی شتنی بەردەرگا دەبینو وەك مراوی خۆمان لەو ئاوە وەردەدەینو بەر دەرگای مالەکەمان وەك مەرەزەی لێدێت، لەکاتێکدا بوونی ئاوو کارەبای بەردەوام لەدیکتاتۆرترین ولاتو حکومەتی دنیادا مافێکی هەرە سادەو سەرەتایی شایان بەئینسانەو دەبێت هەبێتو دەستەبەر کرێت. ژیانی ئەم ولاتەو ژێر سایەی ئەم حکومەتەی کوردییەو سەدان سالە هەولیٚ بۆ دەدەینو خەونی رەنگاو رەنگی پێوەدەبینین هەموو ئەوشتانەی لەئینسان سەندۆتەوەو تەنیا وایلێکردووە کە هەربۆ گرتنی ئاو هاتنەوەی دەگەمەنو چاوەڕێکردنی هاتنەوەی کارەبا تەنیا بۆگوێگرتن لەهەوالە پڕ درۆو دەلەسەکانی ئەوان و گرانیو نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری بژینو ببینەوە ئاژەلە سەرەتاییەکەی بەر لەزمان گرتنو وەك (چارلس داروین) دەلیٚ بووینەتەوە مەیمون.

*jabardllopa@yahoo.com*

---

# دۆگلاس لەدژی تەلەفزیۆنی خێزان هەڵوێست دەگریٚ



(مایکلّ دۆگلاس)ی ئەستێرەی هۆلیۆد، تەمەن ٦١ سالٚ، لەم دواییانەدا سەری لەدادگە داوەو داوایەکی یاسایی لەدژی تەلەفزیۆنی خێزان تۆمارکردووە. دۆگلاس لەوە نێگەرانو توورە بووە کە تەلەفزیۆنەکە بەرنامەکەی ئەوی بۆ مەبەستی بازرگانی بەکارهێناوە. دۆگلاس دەلیٚ: لەگەلٚ ئەو کۆمپانیایەی بەرنامەکەی ئامادەکرد، ئامانجی سوودو قازانج نەبوو، بڕیار بوو لەتەلەفزیۆنێکی دەولەتیدا بلاوبکرێتەوە، بەلام کە لەتەلەفزیۆنی خێزاندا بلاوکراوەتەوە شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە. بۆیە داوای ئەو بەها بازرگانیانەی کرد کە لەمۆزیكو زانستو مێژووی بەرنامە باسکران، کە میدیاکان دەیانەوێت بیفرۆشن. سکالای دۆگلاس ئەو کۆمپانیانەش دەگرێتەوە کە بەبیٚ مۆلەت ناوی ئەو لەبەرنامەکانیان دێنن.

---

# ئارایشتو جوانکاری لەتەمەنی لاویتدا



بۆ ئارایشتو چۆنیەتی جوانکاری روخسارت لەتەمەنی لاویتدا (١٨-٤٠) سالٚ، هەولبدە زیاتر ئەو رەنگانە بەکاربێنی کە لەجوانی ئەو تەمەنەت کەم نەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە زیاتر رەنگە ماتەکانی وەك (قاوەیی، مارۆنی، بیجی، پیازی) بەکاربێنە لەگەلٚ رەچاوکردنو گونجاندنی لەگەلٚ جلوبەرگەکانتدا، لەدوای تەمەنی ناوبراوەوە وا پێویست دەکات کە رەنگە کراوەکانی وەك (سوور، پەمەیی، پرتەقالی، شین.... هتد) بەکاربهێنی، گومانی تێدانییە کە ئەم رەنگانە هاریکاری کردنەوەی جوانیت دەکات.

ئا/ کوردستان ئازاد

---

# قژەکەت لە هەڵوەرین بپارێزە

دکتۆرێکی لوبنانی بەناوی (د. ئەمین) ئەلیٚ ئاوی (کوزەلە) دەرمانێکی زۆر بەهێزە بۆ ڕاگرتنی وەرینی قژ، بە(عەسارە) ئاوەکەی دەردێنیٚ لەگەلٚ بونێکی گونجاو تێکەلی بکەو ڕۆژی چەند جارێك پێستی سەری پیٚ تەڕبکە.

**دەریا**



---

# مەڕ دڵی مرۆڤ بەرهەم دێنیٚ




ئێستا زانایان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە شێوازێکی نویٚ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی دلٚ بدۆزنەوە.. جاران بیستبوومان کە دلی دەستکرد یاخود دلی وەرگیراو لەکەسێکی تازە مردووەوە بۆ نەخۆش بەکاردەهێنریٚ.، بەلام زۆر جاران بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە نەخۆشەکە ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی نەگونجاندنی دلی دەستکردو وەرگیراو دەبۆوە، دلە تازەکە لەگەلٚ ئەندامەکانی دیکەی هەلینەدەکردو نەخۆش دەکەوتەوە.
شێوازی نویٚ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دلٚ ئەوەیە کە خانەیەکی سەرەکی لەدلی کەسە نەخۆشەکە وەردەگیرێت. ئەو خانەیە لەناو کۆرپەلەو سنگی مەڕێکی زیندوودا دەچینریٚ. لەگەلٚ گەشەسەندنو گەورەبوونی کۆرپەلەدا کۆپییەکی سەد لەسەد وەك دلی مرۆڤەکە بەرهەم دێت. پاشان دلە بەرهەم هاتووەکە بۆ ناو سنگی کەسە نەخۆشەکە دەگوازرێتەوە.

سەرچاوە: ژمارە (١٧) ی گۆڤاری VETENSKAP ) ILLUSTRERAD) کە بە زمانی سویدی دەردەچیٚ

---

# خالۆ ئەواکس دەلیٚ



* ئاوارەیەکی گەڕاوەی کەرکوك دەناسم، گلەیی لە فەرمانبەرەکانی هەردوو لایەنەکە دەکرد و دەیووت: نازانم چۆن هەندیٚ کەس ئەم هەموو چیمەنتۆیە وەرئەگرن، ئێمەش هەر زەقەی چاومان دیٚ ،بابە ئەگەر دەکریٚ با بەشەریکی وەریبگرین، قیروسیا با ببڕێتەوە.
* رۆژی ١٩-٢-٢٠٠٦ بۆ کارێکی پێویست رێم کەوتە بەڕێوەبەرایەتی پۆستو گەیاندنی پارێزگای..... بەلام بەداخەوە ئەو خانمەی کە دەبوایە ئیمزا لەسەر داخوازیەکەم بکات لەویٚ نەبوو، گوتیان لەناوچەی حزبەوە تەلەفۆنی بۆ کراوە، ئەویش بەپەلە بەرەو ناوچە رۆیشتووە. رۆژی دوایی کە چوومەوە دیسان خانم نەهاتبوو، گوتیان نامەی تایبەتی لە بەرپرسەکەیەوە هێنابوو، جەنابی بەڕێوەبەریش ناچار مۆلەتی پێداوە، تا هەفتەیەکی دیکە نایەتەوە!.
* ناسیاوێکم دەیویست بۆ کارێکی بەپەلە بچێتە ولاتێکی دراوسیٚ. پۆلیسە کارمەندەکانی خالی سنوور ریگەیان لێگرتبوو، پێیان گوتبوو مادام لەسەر پەساپۆرتەکەت نووسراوە (فەرمانبەر) دەبیٚ بچیت نووسراوی فەرمی لەشوێنی کارکردنت بێنی. ناسیاوەکەم سوێندی بۆ خواردبوون کە فەرمانبەر نیەو لەخۆڕاوە لەسەر پەساپۆرتەکەی وا نووسراوە، بەلام ئەوان گوێیان لێنەگرتبوو. کاتیٚ ویستبووی بگەرێتەوە، یەکیٚ لەپۆلیسەکان بەدوایەوە رایکردبوو، بەهێواشی پێیگوتبوو (پێویست بە پالپشتیو نووسراو ناکات، ئەگەر دیاریو بەخشیش بدەی وا دەکەم مۆری دەرچوونت بۆ لێبدەن(. کاکی پۆلیس ٢٠ دۆلاری لێوەرگرتبوو، هەردەمودەست مۆری دەرچوونی بۆ لێدابوو.
* شۆفێرێك دەیگوت: سەرم لەیاسای حکومەت سووڕماوە. یەك لیترە بەنزین لەبەنزینخانەکان دابەش ناکریٚو نافرۆشریٚ، بەرپرسەکان دەلێن باسی سووتەمەنی مەکەنو قەیرانەکە لەدەست حکومەت دانیە، بەلام لەسەر شەقامو جادە گشتیەکان بەهەزاران بەرمیلو دەبیەی پڕ ریزکراون، لیتری بە١٠٠٠ دینار دەفرۆشن. من نازانم بەنزینیش بۆتە خیارو تەماتە لەباخچەی ناو مالەکاندا برویٚندریٚ! یان بەرپرسەکان لەکێلگەکانیانەوە دەیانهێنن!.

---

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com